خەڵکی بەهەشت سەیری دانیشتوانی ژووری بڵندەکانی سەرەوەیان دەکەن؛ هەروەکو چۆن ئێوە سەیری ئەستێرەیەکی درەوشاوە دەکەن کە لە ئاسۆی ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوای ئاسمانداید، وئەمیش بەهۆی فەزڵ وپلە بەرزی هەندێکیان بەسەر ئەوانی ترەوە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خەڵکی بەهەشت سەیری دانیشتوانی ژووری بڵندەکانی سەرەوەیان دەکەن؛ هەروەکو چۆن ئێوە سەیری ئەستێرەیەکی درەوشاوە دەکەن کە لە ئاسۆی ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوای ئاسمانداید، وئەمیش بەهۆی فەزڵ وپلە بەرزی هەندێکیان بەسەر ئەوانی ترەوە». ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ئەو شوێنە بڵندایە پلەی پێغەمبەرەکانە وکەسی تر پێیان ناگات جگە لە ئەوان نەبێت؟، فەرمووی: «نەخێر، سوێند بە ئەو زاتەی نەفسی منی بەدەستە، پیاوانێکن باوەڕ وئیمانیان هێنا بە اللە وباوەڕ وئیمانیان هێنا بە پێغەمبەران».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەهلی بەهەشت (خەڵکی بەهەشت) پلە وفەزڵیان جیاوازە ئەمیش بە پێی فەزڵ وچاکەکاری وئیمانیان، بەشێوەیەک کە ئەوانەی لە پلە هەرە بەرزەکانن ئەوانەی خوارەوە دەیانبینن وەکو بینینی ئەستێرە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8351